**وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی**
**ژمارە : ٧١٠ لە ٢٠١٨/١/١٤**

## ڕێنمایی ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠١٨

هەمواری یەکەمی ڕێنمایی ژمارە(٤) ی ساڵی (٢٠١٦) ی خوێندنی ماستەر لە زانکۆ حکومیەکانی کوردستان بۆ ساڵی (٢٠١٦-٢٠١٧) هەمواری دووەمی ڕێنمایی ژمارە(٥) ی ساڵی (٢٠١٦) ی خوێندنی دکتۆرا لە زانکۆ حکومیەکانی کوردستان بۆ ساڵی (٢٠١٦-٢٠١٧)

لە پێناو بەرژەوەندی گشتی و بە ئامانجی ڕەخساندنی هەلی زیاتر بۆ کاندیدانی خوێندنی ماستەر و دکتۆرا لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستان ، بڕیاردرا بە هەموارکردنەوەی (تەوەرەی یەکەم/برگەی ٢- مەرجی توانستی زمانی ئینگلیزی /خاڵی ج لە ڕێنمایی ژمارە(٤)ی ساڵی (٢٠١٦) ی خوێندنی ماستەر لە زانکۆ حکومیەکانی هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠١٦-٢٠١٧) کە بە نووسراوی وەزارەت ژمارە (٨١١٠/٢) لە (٢٠١٦/٥/٢٥) دەرچووە کە تیایدا لە هەردوو ڕێنمایی ئاماژەپێکراو و لەسەرەوە ئاماژە دراوە ماوەی (١) یەك ساڵ دەدرێت بە کاندیدان بۆ بەدەست نەهێنانی مەرجی توانستی ژمانی ئینگلیزی (IELTS,TOEFL,IBT,TOEFL ,PEARSON Academic-PTE) بە پێچەوانەوە لە کاتی بە دەست نەهێنانی لە ماوەی ساڵێکدا ، ئەوا ڕاستەوخۆ فەرمانی سرینەوەی ناو ( ترقین قید ) یان بۆ دەردەکرێت ، بۆیە هەموارکردنەوەی هەردوو ڕێنمایی ئاماژە پێکراوی سەرەوە ، بەم شێوەی خوارەوە دەبێت

١- درێژکردنەوەی ماوەی (٣) سێ مانگی دیکە وەك دواین دەرفەت بۆ بەدەستهێنانی مەرجی توانستی زمانی ئینگلیزی بە پێی ناوەڕۆکی ڕێنمایی ژمارە (٤) ی ساڵی (٢٠١٦) ی خوێندنی دکتۆرا لە زانکۆ حکومیەکانی هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠١٦-٢٠١٧) . ئەم ماوە درێژکردنەوەیە لە ڕێکەوتی تێپەربوونی ساڵێك بەسەر ڕێکەوتی دەرچوونی فەرمانی زانکۆیی کاندیدان دەست پێدەکات

٢- فەرمانی سرینەوەی ناو (ترقین قید) دەگۆڕدرێت بۆ فەرمانی (هەڵوەشاندنەوەی کاندید إلغاو الترشيح )، واتە هەر کاندیدێك مەرجی توانستی زمانی ئینگلیزی بە پێی ڕێنماییەکان لە ماوەی دیاریکراوی خاڵی (١) ی سەرەوە بەدەست نەهێنا، ئەوا ڕاستەوخۆ لەلایەن سەرۆکایەتی زانکۆکانەوە فەرمانی (هەڵوەشاندنەوەی کاندید -ماستەر إلغاو الترشيح) بۆ دەردەچێت، نەوەك فەرمانی سرینەوەی ناو (ترقيب قيد)،ئەمەش لەبەر ئەوەی کاندیدان خوێندنەکەیان دەستی پێنەکردووە.

٣- پاڵپشت بە کۆنووسی کۆبوونەوەی ژمارە(١) ی ساڵی (٢٠١٧) ی (لیژنەی بالای خوێندنی باڵا)، پێویستە هەر کاندیدێکی خوێندنی ماستەر و دکتۆرا بە شێوەی ڕێژەی (١٠٪) ی کرێی خوێندنی ساڵی یەکەم بدات و ئەم بڕە پارەیەش ناگەرێتەوە بۆ کاندید لە خاڵەتی بەدەستنە هێنانی مەرجی توانستی زمانی ئینگلیزی ، هەر کاندیدێك ئەم ڕێژەیە نەدات بە زانکۆ، ئەوا فەرمانی زانکۆیی درێژکردنەوەی ماوەی بە دەستهێنانی مەرجی توانستی زمانی ئینگلیزی بۆ دەرناچێت کە لە خاڵی (١) ی سەرەوەدا ئاماژەی پێدراوە.

**د . یـوسـف گـۆران**
**وەزیری خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی**